وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو
ژمارە: ٣٠٣٩ لە ٢٠٢١/٥/٩

## ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢١
## ڕێنمایی هەموارکردنی ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٩ تایبەت بە پێدانی مۆڵەت بۆ دامەزراندنی نەمامگە

**ماددەی (١):**

بڕگەی (٣) لە ماددەی(٢)ی ڕێنماییەکە هەموار دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:
( پێویستە ئەو زەویەی نەمامگەی لەسەر درووست دەکرێت سەرچاوەی ئاوی هەبێت یاخود مۆڵەتی هەڵکەندنی بیری پێ بدرێت بە پێی ڕێنماییەکانی هەڵکەندنی بیر ).

**ماددەی (٢):**

بڕگەی ( ١ ) لە ماددەی (٣)ی ڕێنماییەکە لادەبرێت و زنجیرەی بڕگەکان ڕێکدەخرێنەوە .

**ماددەی (٣):**

بڕگەی (٦) لە ماددەی (٥) ی ڕێنماییەکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:
( ڕێگەپێدانی سەرەتایی تەنیا بۆ نەمامگەی میوە و دارستان (٢) دوو ساڵ و نەمامگەی جوانکاری و شەتڵی سەوزە (١) یەک ساڵ دەبێت و لەو ماوەیەدا دەبێت داواکاری مۆڵەت وەرگر هەموو پێداویستیەکانی نەمامگەی ئەنجام بدات، وە دەبێت ڕێژەیەک لە شەتڵ و نەمام بەرهەم بهێنێت. بە پێچەوانەوە ئەگەر بیانوویەکی پەسندکراو (عذر مشروع)ی نەبێت، ڕێگە پێدانە سەرەتاییەکە هەڵدەوەشێتەوە ).

**ماددەی (٤):**

بڕگەی ( ١ ) لە ماددەی (٩) ی ڕێنماییەکە هەموار دەکرێت وە بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:
( پێویستە خاوەنی نەمامگە (٢ ) دوو ساڵ جارێک مۆڵەتەکە نوێ بکاتەوە. بە پێچەوانەوە بۆ هەر ساڵێک دواکەوتنی دەبێت بڕی دوو هێندەی کرێی نوێکردنەوەی مۆڵەت بدات).

**ماددەی (٥):**

بڕگەی ( ١ ) لە ماددەی (١٠) ی ڕێنماییەکە هەموار دەکرێت وە بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:
( هەموو بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکان لێژنەیەکی هاوبەش پێکدەهێنن بەسەرۆکایەتی نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی باخداری یان بەڕێوەبەرایەتی دارستان و پاوان وە ئەندامیەتی نوێنەری زەوی و زار وە ڕووپێوێك ).

**ماددەی (٦):**

بڕگەی ( ٤ ) زیاد دەکرێ بۆ ماددەی (١٢) ی ڕێنماییەکە و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

( ٤ - ڕووبەری نەمامگەکە لە ڕووبەری زەوی بڕیاری دابەشەکە یان گرێبەستەکە کەم بکرێتەوە ).

**ماددەی (٧):**

بڕگەی ( ٢ ) لە ماددەی (١٤) ی ڕێنماییەکە هەموار دەکرێت وە بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

( لە کاتی نەبوونی مەرجەکان کە لە ڕێنماییەکان دا هاتوون، نەمامگەکان دەگۆردرێن بۆ پیشەنگەی فرۆشتنی نەمام و هەموو ئەو یاسا و ڕێنماییانەیان بەسەردا جێ بە جێ دەکرێت کە بەرکارن لە هەرێمی کوردستان - عێراق).

**ماددەی (٨):**

ماددەیەک بۆ ڕێنماییەکە زیاد دەکرێت و دەبێتە ماددەی ( ١٧ ) ، وە ماددەی (١٧)ی ڕێنماییەکە دەبێتە ماددەی (١٨) ، وە بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

ماددەی (١٧) : ( دەبێت ئەو نەمامانەی کە بەرهەم دەهێنرێن لێبڵی تایبەتی لەسەر بێت و ناونیشانی نەمامگە و زانیارییەکانی نەمامەکەی لەسەر تۆمار کرابێت وەک ناو ( کوردی و زانستی ) و ڕێکەوتی بەرهەمهێنانی).

**ماددەی (٩):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**بێگەرد تاڵەبانی**
**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**